# عەشقێك دەست بەتاڵتر لەگیرفانەكانی مەرگ

شیعر : هوشیار عزیز
سلێمانی 4-3-2006

خودایە
فریاد ڕەسی خۆت لە منا بنووسەرەوە ..
میهرەبانی خۆت لە منا بسەلمێنە ..خودایە..

خودایە
عەشقێك سەری لێ شێواندووم
عەشقێك پڕاوپڕ داگیری كردووم
ساتێك لەسەر بەرزترین منارەكانی میهرەبانیەوە
ڕۆحم دەخاتە سەر دەستەكانی و
هێدی ...هێدی دەمداتەدەست
سەمفۆنیاكانی مەستبوون ...
ساتێكیش وەك منالّی لاسار
دەمداتە دەست كۆلاّنەكانی شێتی ..
تا دلّڕەقی تینی تیایە
سەرم دەكێشێ بە دیوارەكانی ژواندا
دلّم هەلّدەكێشێ لە تێزابی ئیرەیی ..
چرای هۆشم بە ڕەشەبا دەسپێرێ و
قا قا پێدەكەنێ ..

خودایە ..
گەر فریاد رەسم نەبی ئەم عەشقە دەمكوژێ
گەر فریادڕەسم نەبی ئیرەیی ناو دەمارەكانی ئەم عەشقە دەمكرۆژێ
ئیرەیی بۆناو خەرەندەكانی جەهەننەم ڕا پێچم دەكا ..
ئیرەیی وەك مۆرانە گەرا لە خوێنما چێ دەكا ..

خودایه

حیکمەتەکانی دوانەیی عەشق و ئیرەیی چیە ؟؟

خودایه

عەشق چی دەکات بە تەنیشتی ئیرەییەوە ؟؟

ئیرەیی چی دەکات بەتەنیشتی عەشقەوە ؟؟

خودایه

لەسەر لافیتەکانی عەشق نووسرابوو

وەرن لەحزەکانی ژیان ئەزموونکەن لە ئۆخژندا..

وەرن تەمەن ڕا پێچکەن بۆناو فیردەوسەکانی لەزەت

عومر بدەنە دەس مەستیەکی یەزدانی ...

وەلێ ..لەسەر لافیتەکانی عەشق نەنووسرابوو

عەشق چرایەکە بەدەستی ڕەشەباوە ..

عەشق گوڵێکە لەژێر ڕەحمەتی خەزان دا

بەدەم هەڵوەرینی پەڕەکانیەوە

ناکامی حونجە دەکا ..

لەسەری نەنووسرابوو

عەشق پیاسەیە بە شەقامەکانی یەئس دا

دانیشتنە لەسەر ڕۆخی شۆستەکانی سەرگەردانی

ڕاکردنە بە کوچەکانی بەرزەخدا ..

ئای خودایه

ئێشێکی چەن گرانە عەشق

زامێکی چەن قووڵە عەشق ...

عەشق

ئەرشیف کردنی قەهرە

لە گیرفانەکانی عومردا

ئولفەت گرتنە بە ژیانەوە
لەسەر ڕیتمی پرسە
عەشق
پە یمان بەستنی دیدەیە
لەگەڵ زەنگۆڵەکانی ئەسرین دا
ڕاکشانە لەسەر چەرچەفی خامۆشی

عەشق
سپاردنی جەستەو ڕۆحە بە ئاقاری لێك جیابوونەوە
ئاخر..مەعلومە
لە عەشقدا جەستەو ڕۆح پێکەوە هەڵناکەن

ڕۆح بەرەو دوورگەکانی غوربەت
بەرەو ئۆقیانووسەکانی سووتان
لەشەقەی باڵ دەدات و
جەستەش بە دیار ئاوێنە تەڵخەکانی تەمەنەوە
سیس بوونی خۆی تلاوەت دەکا
لە تێپەڕینی چرکەکانی زەمەندا
بێ ئاگایی, بەفر لە سەریەوە دە پێچێ و
کەنەفتی دەیکاتە کەڤاڵێك لە هێڵ
ئەو هێڵانەی تا قیامەت قەتارە دەبەستن ..

خودایە
ڕەنگە تۆ ئاگات لە دڵی من بێ
ڕەنگە تۆ بەدبەختیەکانی منت دەرخ بێ
من کڵۆڵترین عاشقی سەردەمی مەرگی عەشقم
من کەساسترین ڕووخساری بەردەم
وردوخاشترین ئاوێنەم ..
من دەسبەتاڵترین راوچی دەریاکانی خۆشەویستیم

من هەمو جار  خۆم بۆ راوی عەشق سازئەدەم و
کەچی لەوسەرەوە وەك نێچیرێکی غافڵ
وەك نێچیرێکی بێ خەبەر لە فڕوفێڵەکانی ڕاو
وەك نێچیرێکی لەگوێی سادەییدا نووستوو
عەشق بەئاسانی  ڕاوم دەکا و
فڕێم دەداتەوە بەردەم ماڵی  دەسبەتاڵی
بەجەستەیەکی سەر ڕێژ لە هەلاکەت و
ڕۆحێکی هەڵقرچاوەوە
دەمداتەوە دەست گۆشەیەك لە تەنهایی
خودایە
دوو هاوڕێی چەند تەباو...
چەند ئەزەلی و ئەبەدین
عەشق و ئیرەیی..
عەشق و تەنهایی ..

خودایە
دەس بەباڵەکانی تەنهاییەوە بگرە
مادام دەس بەباڵەکانی عەشقەوە ناگری
باڵەکانی ئیرەیی هەڵپڕوزێنە
وەك چۆن باڵەکانی عەشق هەڵدەپڕوزێنی

خودایە
دەروونمان بەتاڵ کەرەوە لە ئیرەیی
وەك چۆن ڕۆحت خاڵی کردینەوە لە عەشق
ئارامیی خەڵوەتەکانی تەنهاییمان لێمەسێنە
وەك چۆن ئاسوودەییەکانی عەشقت پێ ڕەوا نەبینین
تەنهایی ماڵی ئەبەدی عەشقە
تەنهایی دایکە میهرەبانەکەی عەشقە

**خودایە**

**کێ ناڵێ تۆش عاشق نیت ؟؟**

**گەر وانیە ..**

**ئەی ئەو هەموو میهرەبانی و**

**لێبووردەیی و**

**توڕەبوون و**

**لەسەر خۆیی و**

**تەنهاییەت لە کوێ بوو ؟؟**

**ئەی ئەگەر عاشق نیت**

**بۆچی تەنهایی لەو دووری دووری ئاسمانەوە**

**گۆشەگیری کردووی ؟؟؟**

**خودایە تۆ هەموو ئەو سیفاتانەت تێدایە**

**کەدەبێ هەموو عاشقێك تێیدا بێ ...**

**بمبەخشە خودایە گەر بڵێم ڕەنگە**

**دەر کردنی ئادەم و حەواش لە ئاسمانەکان**

**لە ئیرەییتەوە هاتبێ ..**

**ئاخر.. ئیرەیی ژەهرێکە بۆ هەمیشە**

**لەدەمارەکانی عەشقدا شە پۆل دەدا ..**

**خودایە ...**

**ئیرەیی ناهێڵێ سرووتەکانی عەشق مەستمان بکا**

**ئیرەیی ناهێڵێ عەشق لەژێر بارانی ئاسوودەییدا**

**درێژە بە پیاسەکا نمان بدا**

**بە شەقامەکانی تەمەندا**

**خودایە ..**

**گەر بۆجارێکیش بێ**

**لەگەڵ عەشقدا ئاشتمان کەرەوەو**

**لەگەڵ ئیرەییدا هاوێرمان کە**

**هێمنیمان پێ بدەرەوەو**

**تووڕەییمان لێ وەرگرەوە**
**دڵڕەقیمان هەڵوەرێنەو**
**میهرەبانیمان تیا بڕوێنە....**
**خودایە.......خودایە**